غەززە... کوژرانی 84 کەس بەهۆی شەڕی سوپای ئیسرائیلی



ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی تەندروستی لەکەرتی غەززە ڕایگەیاند لەئەنجامی هێرشەکانی ئیسرائیل 84 کەس کوژراون .

وەزارەتی تەندروستی لەو لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردتەوە، "ژمارەی کوژراوانی دەستدرێژیی بەردەوامی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە لە 7ی تشرینی یەکەمی 2023ەوە تا ئەمڕۆ بۆ 55 هەزار و 706 کوژراو، 130 هەزار و 101 بریندار بەرزبوونەتەوە، هاوکات تەرمی ژمارەیەک لە قوربانییەکان لەژێر داروپەردو و لە شەقامەکاندا ماونەتەوە و تیمەکانی پزیشکییەکانیش ناتوانن فریایان بکەون".

باسی لەوەشکردوە، "ژمارەی کوژراوان لەدوای دەستپێکردنەوەی دەستدرێژیی ئیسرائیلی لە 18ی ئازاری ئەمساڵەوە تا ئەمڕۆ گەیشتوەتە پێنج هەزار و 401 کەس، لەگەڵ 18 هەزار و 60 بریندار، هاوکات هێزەکانی ئیسرائیل بەردەوامن لە کردنەی ئامانجی ناوچەی نیشتەجێبون و

پەناگەو خەمەی ئاوارەکان، ئەمەش کارەساتی مرۆیی لە کەرتی غەززە زیاتر کردوە".

باسی لەوەشکردوە، "هێزەکانی ئیسرائیل بەردەوامن لە بەئامانجگرتنی هاوڵاتیانی مەدەنی فەڵەستینی لەکاتکدا هەوڵی وەرگرتنی یارمەتی دەدەن، ئەمەش ڕودواوکی ڕۆژانەیە لە خاڵەکانی دابەشکردنی خۆراك و ئاودا، فڕۆکە و قەناس بەدەستەکانی ئیسرائیل لەبری دەستەبەرکردنی ڕێگاکانی فریاگوزاری، بە ئەنقەست تەقە لە ئاوارەکان دەکەن و دەیانکوژن و بریندارییان دەکەن، ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرایە بە هەمو بنەما و یاسا نێودەوڵەتییەکان".